لە مومکینیشدا بێ فەننین ئێمە...!

ن/ محەمەدی مشیر

هۆکارەکانی بەم شێوە خوێندنەوەی راپۆرتەکەی (بێکەر- هاملتۆن)

لەوەتەی بە بیرم دێ هەمیشە سیاسەتمەدارانی کورد وتوویانەو دەیڵێنەوە کە سیاسەت فەننی مومکینە، ئەگەرچی دەقی ئەم گوتەیە بۆ (لینین) دەگەڕێتەوە (**بڕوانە ناميلكەی/ رسائل حول التكتيك/بلاوكراوەكانی دار التقدم**)، بەڵام هەرگیز ئەو لەوەدا بەرپرسیارنییە کە بۆچی سیاسەتوانانی کورد بە درێژایی مێژووی خۆیان وەکو پێویست سوودیان لەم گوتەیە وەرنەگرتووە و بۆچی هەرچی ناموکینی خەڵکە دەبێتە مومکین و هەرچی مومکینی ئێمەی کوردیشە دەبێتە ناموکین و خەڵکی کوردستان لە هەر قۆناغێکی نوێدا دەخەنە بەردەم چەندین ئەگەری نادیار؟؟

ئەگەرچی جارێ نامەوێت لێرەدا بڕوا بە خۆم بهێنم کە ئەو مومکینەشمان لێ بووە بە ناموکین یان کورد گوتەنی (ریسەکەمان لێ بۆوە بە خوری) بەڵام چەند ڕۆژێکە دوایەدوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی (بێکەر- هاملتۆن)لە تێکڕای کەناڵەکانی راگەیاندنی (بینراو، بیستراو، نووسراوەدا)، تەنانەت لە سەر لاپەڕەی ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتیشدا، هەڵمەتێکی بەرفراوانی شیکردنەوەو راڤەکردنی خاڵەکانی ئەو راپۆرتە بەرچاودەکەوێ وەك ئەوەی تازە کار لەکار ترازابێ و هیچ دەرفەتێك بۆ بە مومکین کردنی ناموکینەکانی ئەو راپۆرتە لە ئارادا نەمابێت، کە ئەمەشیان بەلای منەوە لە خودی راپۆرتەکە ترسناکترە بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و دۆزی رەوای گەلی کوردستان. خوێندنەوەی راپۆرتەکە بەو شێوەیەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار کە ڕەنگە گرنگترینیان بە روانینی من ئەمانەی خوارەوەبن:

یەکەم: کوردو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەمێکە دەرەنجامی کورتبینی سیاسیانە و هەڵەی کوشندەی سەرکردەکان "ماران گاز بوون "بۆیە وەك کاردانەوەیەکی سروشتی لەگەڵ هەر ئەگەرێکی نوێدا دەچنەوە ژێرباری هەمان ئەو دۆخانەی کە پێشتر جگە لە شکست و هەرەس شتێکی باشتریان بۆ گەلی کوردو بزاڤە سیاسییەکەی پێ نەبووە و سەرلەنوێ لەوێوە دەڕوانننە دەرهاوێشتەکانی قۆناغی ئێستا، ئەمە لایەنێکی سایکۆلۆژی مێژوویی بەرهەمهێناوە کە هەمیشە وەك سایە بەدوای کەسایەتی کوردەوەیەو لە خەونە خۆشەکانیشیدا لێی دانابڕێ ، ئەگەرچی ئەو کەسایەتییە شەکەتە لە خەونە تاڵەکانیشیدا زۆر دەگمەن رادەچڵەکێ یان ئەگەر راشبچڵەکێ زۆر بە سانایی فێڵی لێدەکرێ و رابردوو لە بیردەکات!

دووەم: بە هەڵە خوێندنەوەی مێژوو ، پەند وەرنەگرتن ، دووبارەبوونەوەی هەڵە کوشندەکان و دەرفەت لە دەستدان، چوار خەسڵەتی هەرە بەرچاوی نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بوون و هەمیشە وەك کۆسپی گەورە ڕێگر بوون لە بەردەم بوژانەوەو بەرەوپێشچوونی بزاڤەکەو خەڵکی کوردستان، بۆیە دەرەنجام لە گەڵ هەر پێشهاتێکی تازەدا پەشۆکان و لەرزۆکی و دڵەڕاوکێ بە هەڵوێستەکاندا دیار دەبێ، بە جۆرێك لێکدانەوەوشرۆڤەکردنی سیاسەتە هەنووکەیی و دوورخایەنەکانی لایەنی بەرامبەر لەنێو حەشاماتی ئەو پەشۆکان و دڵەڕاوکێیەدا فەرامۆش دەکرێن و هیچ ئاسۆیەکی نوێ لە ئارادا نامێنێت، کە ئەمەشیان بەشبەحاڵی خۆی کاریگەری زۆر خراپی دەبێ لە سەر باری سایکۆلۆژی و ویستی ئەو کەسایەتییە شەکەتە و پاشکۆیەتی لە پێشهات و رووداوەکاندا سەقامگیرتردەکات.

سێیەم: لە مێژە لە نێو کوردەواریدا کاتێك دوو کەس لە سەر شتێك ڕێکناکەون، خێرۆمەندێك ناوبژیان دەکا و بۆ خاتری رازیکردنی هەردوو لای کێشەکە دەڵێ(نە شیش بسووتێ و نە کەباب)بەڵام سەیر بەلای من ئەوەیە کە لەگەڵ هەر پێشهاتێکی سیاسی تازەدا وادێتە بەرچاوم کە ئێمەی کورد نە شیشمان هەبووە و نەکەبابیش ، نە زانیومانە شیش دروست بکەین و نە لە کەباب خواردنیشدا هێندە تازابووین ، بەڵکو لەو نێوەندەدا هەمیشە بەرژەوەندەکانمان لە کاتی پێویستدا بە لاوەناوە و وەك قارەمانێکی خێرخوازی ئەفسانەاوی لە جیاتی سیاسەتکردن ڕۆڵی ناوبژیوانمان گێڕاوە و هەمیشە بە چاوی زەقەوە سەیری کارامەیی خاوەن شیش و لێزانی بخۆری کەباممان کردووە! ئەمەیە ئەو تراژیدیاییەی لەمێژووی کوردا زەردەخەنەوفرمێسکەکانت ئاوێزانی یەکتر دەکا .

چوارەم: لاوازی و ناتەوانی کورد لە خوێندنەوەو لێکدانەوەی سیاسەتەکانی لایەنی بەرامبەر و پێشبینی کردنی ئەگەرەکان و خۆئامادەکردنی پێشوەخت تەنانەت بۆ خراپترینی ئەو ئەگەرانە.

پێنجەم: لاوازی کورد لە گەمەی سیاسیدا و نەبوونی کارتی فشار بۆ کاتی پێویست.

شەشەم: دابین نەکردنی زەمانەتی پێویست و بە بەڵگە نەکردن و دۆکیومەنت نەکردنی ویستەکانی گەلی کورد لە دانوستانە سیاسیەکاندا .

پاژنەی ئەخیل لە سیاسەتی کورددا

نەبوونی خوێندنەوەیەکی ووردو ژیرانە بۆ سیاسەتی سێ ساڵی رابردووی ئەمریکا لە عێراق و شکست و کوشتاردانی زۆی سوپاکەی لە پێناو ئەو ستراتیژەی کە خۆی بۆ خۆرهەڵاتێکی نوێ و دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکرد لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە ئەو پەشۆکانەی ئەمڕۆی لێکەوتەوە کە راستەوخۆ دوای ئاشکرابونی ئەجندای نوێی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە .. ئەم پەشۆکانە سیاسییە راستی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ کە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بە داخەوە سەرکردایەتی سیاسی بالادەستی کوردستان نەك هەر بەووردی خوێندنەوەی نەبووە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا، بەڵکو لە هەمان ماوەشدا شوێنی دروستی خۆی نەزانیوە لە نێو هاوکێشەی سیاسەت و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا و (وەك ئەزموونە تاڵەکانی پێشوو)بە گفت و بەڵێنی زارەکی لە لایەن بەرپرسانی ئەمریکا و تەنانەت ولاتانی دراوسێ و ناوخۆی عێراقیش هەمیشە حیسابی ئەو پیاوەی بۆ کراوە کە (نالێ نا)!

ئاسۆیەك بۆ بیرکردنەوە و دەروازەیەك بۆ چارەسەر

زانینی هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان لە هەر کارنامەیەکی سیاسی نوێدا ئاسۆیەك بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردن دەخاتە بەردەست و پانتاییەك بۆ سەرلە نوێ جولانەوە دابین دەکات، بەمەرجێك هەوڵ و کۆششی بە پەلەو ووردبینانە لە تێکڕای کەناڵەکانی سیاسەتدا وەگەڕبخرێن بۆ بە ووردی خوێندنەوەی دوایین سیناریۆی سیاسی ئەمریکا(راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتۆن) لە ناوچەکە و پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ کە بەرژەوەندەکانی تێدا رەچاوبکرێت نەك بەرژەوەندەکان بکاتە قوربانی ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا بە پێویستی دەزانم کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە خراپترین ئەگەرەکانی ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

یەکەم: پاراستنی هێمنی سیاسییانەو ئارامی لە هزرین وشیکردنەوەی سەرجەم خاڵەکانی راپۆرتەکە.

دووەم: چاوخشاندنەوە بە نامەاڵی کوردو دەستوبردی لە ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی هەموو تواناکانی بەردەست .

سێیەم: پەراوێز نەکردنی هیچ لایەن و نێوەندێکی سیاسی نیشتمانی کوردستانی لە کارنامەی ئایندەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا.

چوارەم: ڕێزگرتن و گەڕانەوە بۆ ویستی میللی لە هەرهەنگاوێکی تازەداو یەکخستنی هەڵوێستی شەقامی کوردی.

پێنجەم: پێداگرتن لە سەر تەواوی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و قۆستنەوەی دەرفەتی گونجاو لە کاتی گونجاودا بۆ فشارخستنە سەرلایەنەکانی هاوکێشەی سیاسی لە ناوەو دەرەوەی عێراقدا.

شەشەم: دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی لایەنی بەرامبەر لە هەر دانوستانێکی داهاتوودا، چ لە سەر ئاستی عێراق و، چ لە سەر هەردوو ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا.

حەفتەم:پێکهێنانی لێژنەیەك لە لایەن حکومەتەوپەرلەمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی تێکڕای ئەو وتارو بۆچوونانەی تا ئێستاکە لە مەڕ راپۆرتەکە بلاوکراونەتەوەو راوێژکردنی توێژی ڕۆشنبیرو بیرمەندانی کوردستان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان لە کۆنفرانسێکی فراواندا ڕەچاوکردنی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی گەلی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.

هەشتەم: بەرپاکردنی هەڵمەتێکی فراوان و تێروپڕی راگەیاندن لە سەر هەردوو ئاستی ناوەو دەرەوەی کوردستان سەبارەت بە گەیاندنی کۆدەنگ و هەڵوێستی گەلی کوردستان سەبارەت بە راپۆرتەکە دوور لە هەڵچوون و پەشۆکانی سیاسی.

ئەمانەی سەرەوە چەند پێشنیازێکن ئەگەر بگیرێنەبەر ڕەنگە لەو ئەگەرە دەربازمان بکەن کە سالانێکی درێژە سیاسەتی کورد لە بەرامبەر پێشهاتە تازەکاندا دووچاری ئاستەنگ و دامان دەکات وتەنانەت لە مومکینەکانیشدا هەژاری و بێ فەننی سیاسەتوانی کورد دەسەلمێنێ!

کۆنگرەی ئاشتەوایی و جوینەوەی ئەوەی کە هەبوو

ئاسۆ جەلال

کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی لەبەغدا بەرێوەچوو، دوو سەدو پەنجا لەگەورە کەسایەتیە سیاسییەکانی گۆڕەپانی ئێستای عێراق تێیدا بەشداربوون، کە نوێنەرایەتی بەرچاوترین نەتەوەو توێژو مەزهەبەکانی عێراق دەکەن.

هەمووان بانگهێشتی ئاشتەوایی و لێبوردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە دەکەن، بەڵام بۆچەندەمین جارەن ئەم بانگهێشتە لەسەر ئەرزی واقیعدا بەجۆرێکی دیکەو بەپێی بەرژەوەندییەکان راڤە دەکرێت و ئەو ژمارەیەی کە هەیە، نە کۆدەبێتەوە نە بەسەر ژمارەیەکی کەشدا دابەش دەکرێت.

کۆنگرەی ئاشتەوایی جیا لە پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی پێشوودا، هیچ شتێکی ئەوتۆی مشتو ماڵ نەکردو،

لەکۆتاییدا جگە لەپاداشت کردنی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی سوپای سەردەمی سەدامو کردنەوەی دەرگا لەبەردەم کاراکردنەوەی کەسایەتییە بەعسییەکانی نێو کۆمەڵگای عێراق و گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆیان، هیچ بەرهەمێکی دیکەی لێنەکەوتەوە.

ئەمەش بەئاشکرا لە لێداونەکانی سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا دەرکەوت، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو سەرۆکە سەر بە ڕەوتێکە کە دوژمنی مێژوویی سەرسەختی بەعسە.

لەتەکس ئەوەشدا بزووتنەوەی (ویفاق)و (حیواری وەتەنی)و (سەدر)یەکان بەشداری کۆنگرەکەیان نەکرد، لەبنەڕەتیشدا ئەو سێ باڵە بەشێکی زۆری گرفتەکانی ئێستای عێراق پێکدەهێنن.

بە تێڕامانێکی خێرا لەو هەنگاوەی ئەم دواییە (کە کردنەوەی دەرگایە لەبەردەم بەعسییەکاندا بۆ بەشداربیکردن لەژیانی سیاسییدا، ئەمەش لەژێر فشاری ئەمریکادا) دەردەکەوێ کە هەنگاوێکی نادروستە، چونکە بەعسییەکان بەئاشکرا لە سەر دوو خاڵی سەرەکی کار دەکەن، یەکەمیان خۆ خزاندنە نێو تەووای ڕێکخستنەکانەوە بۆ کاریگەری کردن لەسەر بڕیارو، بەڕێوەچوونی باری سیاسی لە عێراقدا بۆ ڕێگەگرتن لەهەر جۆرە گۆڕانێك کە لەوانەیە لەئایندەدا ڕوبدات و پێچەوانەوەی خواستەکانی ئەوان بێت (نمونەی خزانی بەعسییەکان بۆ نێو (ویفاق، حزبی ئیسلامی، سەدرییەکان)..

لەلایەکی دیکەوە کارکردنە لەسەر ئاستی چەکداری (کە ناوی دەنێن مقاومە)و لەم ڕوەشەوە جیا لەڕێکخستنەکانی خۆیان بەئاشکرا دزەیان کردۆتە نێو شانە چەکدارەکانی قاعیدە لە عێراق و هاوکات باڵێکی دیکەی تابلۆی سیاسی عێراق کە خۆیان لەباڵی سوننەدا دەبیننەوە، کۆنگرەیەکی دیکەیان لەئانو ساتی کۆنگرەکەی بەغدادا لە توریکا سازدا.

بەتێگەیشتن لەو راستیەی کە بەشێکی هەرە زۆری ئەو پێکهاتە سیاسییەی ئێستای عێراقە چونەتە نێو هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی ولاتانی دراوسێو جیهانەوەو، داشی کاریگەرن لەگەمەیەکی ناوچەیی و جیهانیدا، لەوەش خراپتر،

نەمانی متمانەیە لەنێوان لایەنەکاندا، چونکە بەشێکی زۆری ئەو هێزانە، بە ڕۆژ لەسەر مێزی گفتوگۆدا باسی برایەتی دەکەنو ئێوارەش لەکاتی گەڕانەوەدا فەرمان بە میلیشیا مەزهەبییەکانیان دەدەن کە دەست بەکاربن.

کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە تەواوی دامو دەزگاکانی دەوڵەت دووچاری ئەم نەخۆشییە بوونەتەوەو، لەمەودواش چ زەمانەتێك هەیە کە بەگەڕاندنەوەی ئەفسەرو دەرەجەداران بۆ نێو سوپا، سەرلەنوێ سوپایەکی بەعسی، تایفی، دووبارە نابێتەوەو قورەکە لەوەی هەیە خەستتر ناکات؟!.

هاوپەیمانیەتێکی نوێ لەبەرامبەر راپۆرتەکەی بیکەردا

ئا /سەهەند

ئالەو ساتەوەختانەی ئەمریکا بەدوای ستراتیجیەتێکی نوێدا دەگەڕێ دەربارەی ڕەوشی عێراقو هەوڵدەدات لەبەخۆداچونەوەیەکیدا وێنەیەکی نوێتر پیشانی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو جیهان بدات، لەولاشەوە ولاتە هەرێمایەتییەکان خۆیان مۆڵداوە تا لەنێوان شکستی ئەمریکاو راپۆرتەکەی بێکەردا خۆ بەناو عێراقدا بکەنو، ئەو نەخشە سیاسیانەی کە دەمێکە دایانڕشتوەو توانای جێبەجێکردنیان نەبوو، بیکەنە مەرجی بەشداربوونیان لە ئاساییکردنەوەی، کە هەر لەبنەڕەتدا خۆیان ئالۆزیانکردووەو دەدرێتە دەست خۆشیان.رودااو گۆڕانکاریە نوێیەکان بەتایبەت راپۆرتە زۆر مەترسیدارەکەی بێکەرو ئامادەبوونی سوورياو ئێرانو ئەو کۆنگرەیەی نەیارانی حکومەتی فیدراڵی لە ئەستەمبول گرێیان دا، هێزە سیاسیە عێراقییەکانی ناچاری هاوپەیمانیەتیەکی پتەوکرد، تا لەوێوەو بە میکانیزمێکی دی ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببنەوە کە مەترسی لەسەر فیدراڵیو دیموکراتی دروستکردووە، ئەم هاوپەیمانیەتیە نوێیە کە لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو هاوپەیمانی کوردستانو پارتی ئیسلامی پێك دێت، سێ لەگەورەترین هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی گۆڕەپانی عێراقو هەوڵدەدەن فاکتەرە ناوخۆییو دەرەکییەکان لەکار بخەن کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم ئاسایی کردنەوەی باروودۆخی عێراقو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو خودی بۆشو ئەمریکاش ناچار بکەن، خاڵە مەترسیدارەکانی ناو راپۆرتەکە ڕەتکەنەوەو لەو راستیە بگەن کە زۆرینەی هەرە زۆری عێراقییەکان جارێکی دی خۆیان ناخەنەوە ژێر دەستی کەمینەیەك کە لەوەتەی هەن زۆرینە دەچەوسێننەوەو کاروانی دیموکراتیو فیدراڵی تازە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەرگرتووەو لەرێگەی هەڵبژاردنو دەستوورەوە نەبێت، ناشێو بۆ هیچ کەسێك نییە باروودۆخ بەرەو ئەو سەرەتایانە بەرێتەوە کە هەر لێرەوە ڕەتکراونەتەوە.

رزگارکردنی عێراقیش لەو تەنگژەیەی تێیکەوتووە، کە هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو لایەك، تەنهاو تەنها بە عێراقیەکان خۆیان چارەسەر دەکرێتو دەستێوەردانی ولاتە هەرێمایەتییەکان ڕەوشەکە بەجۆرێك دەشڵەقێنێ کە هەرگیز عێراق نابێتەوە ئەوەی کە ئێستا زۆرینە لەسەری کۆکن. بۆیە لەباروودۆخێکی ئاوهادا هاوپەیمانیەتیەکی پتەو پێویستەو دەکرێ لەم ڕێگەیەوە هەندێ لەو سەرەداوانە دەست کەون کە بەرەو چارەسەر دەچن. بەڵام ناکرێ جارێکی دی بەسەر ئەو هەڵانەدا ڕەتبنەوە کە پێشتر حکومەتی مالیکی ئەنجامی دابوو، چونکە لەلایەك داوا دەکات دۆسیەی ئاسایش بدرێتەوە دەست عێراقییەکانو لەلایەکی تریشەوە هەر لەناو حکومەتدا داوا دەکرێت هێزەکانی هاوپەیمانان عێراق جێنەهێڵن، کە ئەم دوو دژە رایە متمانە لەلای هاوڵاتیان لاواز دەکات بەرامبەر بە توانای هێزەکانی عێراق، لەلایەکی تریشەوە باڵێکی سەرەکی هاوپەیمانی حکومەتەکەی مالیکی زۆر بەئاشکرایی دژی ئەمریکا دەوەستێتەوەو تەنانەت بێ ترسو دوو دڵی لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا کاری توندوتیژیو نایاسایی لەناو بەغدای پایتەختدا ئەنجام دەدات، کە ئەمە بوونی هێزی میلیشیا لەناو حکومەتدا دەسەلمێنێو گۆڕەپانەکەش لەبەردەم ڕێکخراوە تیرۆرستەکان خۆشتر دەکات، بۆ بەردەوامبونیان لەو کارە توندڕەویانەی خەریکە هەموو شتێك لەباریەك هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆیە لەسەر ئەو هاوپەیمانیەتیە پێویستە بە ئاراستەی حکومەتی نیشتمانیو بەرپرسیاریەتی مێژوویيدا بڕواتو کاربکات لەسەر هەڵدانەوەی دۆسیەی ئەوانەی نایانەوێ دەسەڵاتی فیدراڵی سەرکەوێو، پشتی ئەوانەش بگرێ کە بەراستی خەمی پێکەوە ژیانو ئاساییکردنەوەی باروودۆخیانە.

لەوکاتانەشدا کە لەدەرەوەی عێراقو بێ پرس و راگۆڕینەوە هەوڵدەدرێ ستراتیجیەتێکی نوێ بۆ عێراق دابڕێژرێو، کۆنترۆڵ بەدەست ئەوانەوە بێ کە بەدووی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەون. ناکرێ تاسەر دەسەڵاتی هەڵبژێراوی عێراقی، بەتایبەت ناوچە ئارامەکان کە هیچ کێشەیەکی تیرۆریو خێڵەکیو دینی تێدا نییە، وەك سەیرکەرو بێ هەڵوێست دانیشن،دەبێ بوونی خۆیانو ئەو قورساییەی لەنێوەندی سیاسیو نێودەوڵەتیدا هەیانە بیکەنە کارتی فشارو زۆر وریایانە مامەڵەیەکی بەرپرسانە لەگەڵ ئەو ئەگەرانەدا بکەن کە ئێستا پێشبینی دەکرێن، هەوڵبدرێت هەر هەموو پێکهاتەکان لەناو ئەو هاوپەیمانیەتەدا کۆبکرێتەوەو، ڕێگە نەدرێت لەپشتی ئەوانەوە بڕیاری چارەنووس ساز لەسەر ئایندەی عێراقو عێراقییەکان بدرێت، ئەم راپۆرتو ستراتیجیەتە نوێیانەش کە ئێستا سەرەباسی هەواڵەکانی ناوخۆو دەرەوەن. ئەزمونێکن دەکرێ عێراقییەکان بەهەند وەربیگرن، تا هەرچی زووە لەناو ئەم هاوپەیمانیەتەدا ڕەنگدانەوەی هەبێو ئەوانیش خۆیان بۆ نەخشەیەك ئامادە کەن ڕێك دژی ئەو پلانانەی کە تەڕو وشك بەیەکەوە دەسوتێنن. کە ولاتە هەرێمایەتیەکان دێننەوە سەر ئەو هێڵانەی گەورەترین مەترسین بۆ هەموو لا.